گوین رۆبەرت: کورد لە خستنەڕووی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانداا خەمساری کردووە

گوین رۆبەرت رۆژنامەنووسێکی دیار و خاوەن ئەزموونە چەندین فیلمی دیکۆمێنتی لە سەر کارەسات و نەهامەتییەکانی کورد دروست کردووە لەوانەش فیلمی (گەڕانەوە بەرەو جەهەنەم) کە باس لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دەکات و بەهاوکاری لەگەڵ (کەنعان مەکیە) لە ساڵی ۱۹۹۱ بەرهەم هێناوە و چەندین جار لە کەناڵی BBCو تەلەفزیۆنەکانی ئەمەریکا نماش کراون و چەند خەڵاتێکی وەرگرتووە.

فیلمی (رەشەبای مەرگ) لە ساڵانی ۱۹۸۸ و ۱۹۸۹ بەرهەم هێناوە و وەک دیکۆمێنتێکی باش سوودی لێوەرگیراوە بۆ تاوانبارکردنی رژێمی پێشوو لەمەڕ کیمیابارانی زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی شاری هەڵەبجە.

رۆبەرت دۆستێکی نزیکی کوردە و هەمیشە هەوڵیداوە لە رێگەی کامێرا و هەواڵەکانییەوە دۆزی کورد بناسێنێت.

یەکێک لەو میوانانە بوو بۆ یادی فیستیڤاڵی پێشەوا داوەت کرابوو، لە گفتوگۆکانیدا هەمیشە داکۆکی لە کورد دەکات و داوا دەکات کوردان پشت بە هیچ هێزێک نەبەستێ هێزی خۆی نەبێت.

لە دیمانەیەکی تایبەت هەندێک پرسمان لەگەڵدا گفتوگۆ کرد لە سەر مەسەلە هەنوکەییەکان.

دیمانە/ نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

*** گرنگی یادکردنەوەی کۆماری کوردستان لەم کاتەدا چ مانایەک دەبەخشێت؟**

– گرنگی یادکردنەوەی مەهاباد لەم کاتەدا بەلای منەوە سێ گرنگی هەیە:-

یەکەم باس لە یەکێتی کورد دەکات و دەبێت هەموو کورد یەکگرتوو بن بۆ ئەوەی دوژمنەکانیان زەفەریان پێنەبەن.

دووەم بۆ سوود وەرگرتن و بۆ ئەوەی وانە لە مەهاباەوە وەربگرن، بۆ نموونە کاتێک مەهاباد ئەو شکستەی بەسەردا هات دەبێ ببێتە وانەیەک بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان. بە بڕوای من وانەکەش ئەوەیە کورد پشت بە خەڵک نەبەستێت چونکە وەک دەزانن کورد لە سەردەمی مەهاباادا زۆر پشتیان بە سۆڤیەت بەست.

سێیەم زۆر گرنگە ئەویش خۆ گونجاندنی کورد لەگەڵ هەر فرسەتێکدا دێتە پێشەوە وەک ئەوەی لە کۆماری مەهابادا رێکەوت و نەتوانرا بە باشی سوودی لێوەگرن بۆیە دەبێت کورد چاوەڕێی خەڵکی نەکات و هەر هەلێکی بۆ ڕەخسا بیقۆزێتەوە.

*** زۆرجار بارودۆخ ناچارت دەکات پشت بە زلهێزەکان ببەستی وەک ئەوەی لە ساڵی ۱۹۹۱دا ئەو پشت بەستنە هەرێمی ئارامی هێنایە گۆڕێ، ئایا ئەمڕۆ بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان لەوەدا نییە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئارام لەم ناوچەیەدا هەبێ کە ئەویش دەوڵەتی کوردییە؟**

– کورد دەبێت ئاگاداری هەڵوێستی تەواوی زلهێزەکان بێت بەتایبەت ئەمەریکا، ئێوە دەزانن لە ساڵی ۱۹۷۵دا ئەمریکییەکان پشتیان لە ئێوە کرد و کشانەوە، لە ساڵی ۱۹۹۱یشدا هەمان هەڵەی دووبارە کردەوە، ئەمڕۆ کورد زۆر هاوکاری ئەمەریکای کردووە و واقعەکە سەپاندویەتی ئەمەریکا دۆستی کورد بێت و ئەمەشیان بەرژەوەندی خۆیانە چونکە ئەمەریکا هەمیشە بە دوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت و ئەو وەک ئێوە دڵپاک نییە.

ئێستا ئەمەریکا بە دوای ستراتیژیەتێکدا دەگەڕێت لە ماوەی پێنج ساڵی تردا لە عێراق دەربچێت بۆیە دەبێت کورد لەم ماوەیەدا بوون و پێگەی خۆی بچەسپێنێ چونکە کورد دوژمنی زۆرە بەتایبەت وڵاتانی دەوروبەرتان حەز ناکەن ئێوە ژیانتان هەبێت، ئیدی چۆن قبوڵ دەکەن سەربەخۆبن، بۆیە پێویستە لەم ماوەیە هەنگاوی خێراتر و وردتر بنێن بەرەو سەربەخۆیی.

*** لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تا چەند لە هەنگاو و کارکردنەکانی کورد بەو ئاراستەیەدا رازین؟**

– تا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە هەنگاوی ژیرانەی ناوە و رۆڵی باشیشی هەبووە لە عێراقدا و بەشێوەیەکی ژیرانە پێگیری لەسەر خواستەکانیان دەکەن، وەک ئەوەی کەرکووک و پێداگرتنیان لە سەر ئەو خواستانەی تر، بەڵام دەبێت زۆر بە پەلە داوای شتی گەورەتر نەکەن چونکە ئاکامەکەی لەوانەیە بە پێچەوانەوە بشکێتەوە، تا ئێستا هەنگاوەکان زۆر باشن و دەبێت باشتری بکەن.

*** تا ئێستاش لە زۆر ناوەندی دەرەوەدا کێشەی کورد وەک کێشەیەکی ئینسانی تەماشا دەکرێت لە کاتێکدا ئەمە کێشەیەکی نەتەوەییە بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە چی بکرێت؟**

– پێچەوانەکردنەوەی هاوکێشەکە دەبێت لە خۆتانەوە دەستپێبکات ئەویش پشت بەخۆبەستنە، لە ئێستادا کورد لە عێراقدا لە هەموو رووبەکەوە لە پێگەیەکی بەهێزدایە و دەتوانێت بڕیار بدات و بڕیار بچەسپێنێ. کاتی ئەوە نەماوە چیتر کورد قوربانی بێت دەبێت کار بۆ کۆنترۆڵکردن بکات.

هەرچەندە لە ڕووی پێچەوانەکردنەوەی هاوکێشەکەدا کورد کەموکوڕی و خەمساری کردووە، بۆ نموونە ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و زۆر شوێنی تر، بێگومان ولاتانی رۆژئاوا ئەو چەکانەیان دایە رژێم، ئێستا چۆن دەبێت کورد پشت بە رۆژئاوا ببەستێت.

بە هەزاران کورد لە ئەنفالەکاندا لەناوبران و دەوڵەتانی رۆژئاواش دەیانەوێ ئەو مەسەلەیە لەبیر بکەن، بۆیە دەبێت کورد بوێرانە داوای دادگاییکردنی ئەوانە بکات کە دەستیان لەو کارەساتانەدا هەبووە بە هەر جۆرێک بێت و لە هەر کوێ بن و هەروەها پێویستە کورد هەرچی بەڵگەنامەیەک پەیوەست بێت بەو کارەساتانەوە کۆی بکەنەوە و لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا داوا تۆمار بکەن لە سەر ئەو خاوەن کۆمپانیا و حکوومەتانەی بە هەر جۆرێک بەشداربوون لەو پرۆسەیەدا و ئەو کات جیهان بە جۆرێکی تر لە ئێوە دەڕوانێت.